# ئەوە بەردێک بوو فڕێ درایە نێو دۆزەخ پێش حەفتا ساڵ، لەو کاتەوە هەر دەچووە قوڵایی دۆزەخەوە هەتا گەیشتە بنی دۆزەخ

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووین وەدەنگی کەوتنی شتێک بە زەویدا بیسترا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا دەزانن ئەوە چی بوو؟»، ووتمان: خودا وپێغەمبەرەکەی دەزانن، فەرمووی: «ئەوە بەردێک بوو فڕێ درایە نێو دۆزەخ پێش حەفتا ساڵ، لەو کاتەوە هەر دەچووە قوڵایی دۆزەخەوە هەتا گەیشتە بنی دۆزەخ».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەنگێکی بێزارکەی بیست کە لە کەوتنی شتێکی زۆر گەورە دەچوو، بۆیە پرسیاری لە هاوەڵان کرد -ڕەزای خوایان لێبێت- سەبارەت بەم دەنگە، ئەوانیش ووتیان: خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی زاناترن. بۆیە ئەو -صلى الله عليه وسلم- پێیانی فەرموو: ئەم دەنگەی کە بیستتان دەنگی بەردێك بوو کە لە لێواری دۆزەخەوە پێش حەفتا ساڵ فڕێدرایە نێویەوە، بەردوام بەردەوام بەرەو خوارەوە دەچو؛ هەتاوەکو ئێستا کاتێك دەنەگەیتان بیست گەیشت بە بنی دۆزەخ.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3370

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee